# رونکردنەوەیەک لە ناوەندی هەڵەبجەوە بۆ سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان

هەروەک هەموو هاولاتیانی کوردستان ئاگادارن، لەم چەند رۆژەی دووایدا بەهۆی بڕیاری داگرتن و تۆڕدانی ئالای ئەنفالەوە گەلی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان کەوتونەتە بەر شالاوێکی شۆڤێنیستانەی هەندێک لایەنی عەرەبی لە عێراقدا... ئەوەی جێگای سەرنج و بێزکردنەوەیە ئەوەیە کە هەندێک لەو ناوەندانە هەتا روخانی رژێمی بەعسی بە جلوبەرگی زەیتونی بەعسەوە داکۆکیان لە سەدامی دۆڕاو دەکرد...

زافر ئەلعانی یەکێکە لەو بەچکە دکتاتۆرە هەتیو کەوتوانەی کە بەردەوام لە کاتی جەنگدا وەک وتەبێژی بەعسیان لە کەناڵەکانەوە لێدوانی دەدا بۆیە ناوەندی هەڵبجە داخوازی لە سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان  و سەرجەم کەناڵەکانی میدیای کوردستان دەکات کە ئەو کەسانە رسوا بکەن ...

ناوەندی هەڵەبجە ئەو دۆکۆمێنتانەی بە کاسیتی ڤیدو هەیە و بە بێ بەرامبەر ئامادەیە بیبەخشێت بە هەر کەناڵێکی راگەیاندن بەو مەرجەی کە بەنامەی فەرمی داخوازی لێبکرێت.. بۆ ئەم مەبەستەش پەیوەندی بکە ن بە بە بەرێز رێکەوت ئیسماعیل ئیبراهیم هە لسوراوی  چاک لە رێگای ئەم ئیمەیلەی خوارەوە :

Rekawt_95@hotmail.com

**ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینوسایدی گەلی کورد**

**چاک**